# مامۆستا هەڤاڵ ئەبوبەکر
# " جیاوازی نێوان رۆژنامەنوس و جاسوس تاڵە مویەکە "

دیداری سەروەت عەبدوڵڵا



کاتی ئەوە هاتووە رۆژنامەنوس و نا رۆژنامەنوس لەیەکتری جیابکەینەوە

هەڤاڵ ئەبوبەکر یەکێکە لەو رۆژنامەنووسانەی کە جێدەستی لەسەرکایەی رۆژنامەگەری کوردیی دیارە، رۆڵی ئەو لەمرۆی رۆژنامەگەری کوردییدا دەبێت لەبەرچاو بێت، بەتایبەتی کە بەشێکی زۆری رۆژنامەنووسانی ئەمرۆ بەوانەشەوە کە لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا کاردەکەن قەرزداری ئەون و لەرێگەی خولە رۆژنامەنووسییەکانی ئەوەوە چوونەتە ناو کایەی رۆژنامەگەریی کوردییەوە، ئەمە خاڵێکە دەبێت لە نووسینەوەی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیی لەساڵانی دوای راپەریندا لەبیر نەکرێت، ئێستا لەبەشی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی مامۆستایە و سەرنووسەری گۆڤاری « رایەن »ە کە تایبەتە بە لێکۆڵینەوە و وەرگێران لە بواری رۆژنامەوانییدا. لە ساڵیادی رۆژنامەگەریی کوردییدا ئەم گفتوگۆ کراوەیەمان لەگەڵ بەرێزییدا سازکرد.

سەرەتا لەو پرسیارەوە دەستمان پێکرد بە بۆچوونی مامۆستا هەڤاڵ جیاوازی نێوان رۆژنامەنووس و جاسوس چییە ؟ لە وەڵامدا وتی " جیاوازی نێوان ئەم دووانە تاڵەموویەکە، ئەم تاڵە مووەش لە دووکەڵە، واتە ئەگەر ئاگایان لە خۆیان نەبێت ئەڕۆنە کایەکانی یەکترییەوە ئیشدەکەن جیاوازیەکەیان لەوەدایە ڕۆژنامەوان بە ئاشکرا لە دەرگای زانیارییەکان دەدات و لە دەرگای کراوەوە دەچێتە ژورەوە و زانیارییەکان بۆ ڕای گشتی دەگوێزێتەوە و لە بەرژەوەندی خەڵکییدا زانیارییەکان بلاودەکاتەوە، بەلام « سیخوڕ » لە پەنجەرەکانەوە و لە رێگە ناشەرعییەکانەوە دێتە ژورەوە، زانیارییەکانیش لە پێناو کەسێك و لایەنێك بلاودەکاتەوە نەك لەپێناو بەرژەوەندی مرۆڤایەتییدا. ئەگەر

دەزگاکان و ڕۆژنامەنووسانیش بزانن کەسێك سیخوڕە زانیاری پێ نادەن، چونکە ئەو زانیارییەکان بۆ مەبەستێکیتر بەکاردەهێنێت. ئەو نایەت پەیکەرەکە بەرز ڕابگرێت ئەو هەوڵی تێکشکانی پەیکەرەکە دەدات و خاڵە لاوازەکان وەردەگرێت. ڕۆژنامەنووس مامەڵەیەکی ئۆرگانی لەگەڵ سیخورەکاندا نییە، بەڵام بەردەوام بەدوای سیخورەکاندا دەگەڕێت بۆئەوەی ئاشکرایان بکات کە ئەمانە ئەو کەسە پاك و بێگەردانە نیین کەوا خۆیان دەردەخەن لە پێناوی بەرژەوەندی گشتییدا کاردەکەن.

سەبارەت بەو پرسیارەی کە ڕۆژنامەنووس لەسەریەتی زانیارییەکان بە دەزگاکانی دەوڵەت بدات ئەگەر داوای لێبکرێت مامۆستا هەڤاڵ وتی " ڕۆژنامەنووس تەنیا دەتوانێت زانیارییەکانی لە بەردەم دادگادا بدرکێنێت و ناوی کەسەکان و وێنەی کەسەکان بخاتە ڕوو. لایەنی سیاسی بۆی نییە داوا لە ڕۆژنامەنووس بکات ئەم کارانەی بۆ بکات، چونکە لەم کاتەدا ڕۆژنامە نووس بە ئاقارێکی تردا دەچێت. دەبێت سەندیکا لە دنیادا بەرگری لە ئازادی ڕۆژنامەنووسان بکات، بەرگری لەو بڕوانامەیە بکات کە ئێمە تائێستا لە کوردستاندا نیمانە، بڕوانامەی پیشەیی، بڕوانامەی شەرەفی ڕۆژنامەوانی، بۆئەوەی ڕۆژنامەوان بە ئازادانە زانیارییەکانی بگەیەنێت "

مامۆستا هەڤاڵ ڕەخنەیگرت لەو بەیاننامەیەی لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە لەکاتی ڕووداوەکەی هەڵەبجەدا دەریکرد و داوا لە ڕۆژنامەنووسان دەکات هاوکاری حکومەت بکەن بۆ دۆزینەوەی تاوانباران و وتی "دیارە دەرکردنی ئەو بەیاننامانە وردەکاری زۆر تێدا ناکرێت. وەکو چۆن پرۆژەی کاری ڕۆژنامەگەرییان لە کوردستاندا بڵاوکردەوە، زۆرجار بە عەفەوییەتێکی زۆرەوە ئەو کارانە دەکرێت، واتە بەهیچ جۆرێك سەندیکا مەبەستی ئەوە نییە ڕۆژنامەنووس بکات بە جاسوس، بەڵام دەیەوێت هاوکارییەك لە نێوان دەسەڵات و کایەی ڕۆژنامەوانیدا دروستبکات کە بە هیچ جۆرێك ئەمە ئەرك و کاری سەندیکا نییە. ئەوە کاری سەندیکا نەبوو، ئەو دەبوایە بە یاننامەیەکی دەربکردایە کە نەدەبوو کامێراو میمۆری ڕۆژنامەنووسان بشکێنرێت، نابێت ڕۆژنامەنووسان دەستگیربکرێن لەسەر ئەوەی زانیاری دەگوێزێتەوە بۆ کەناڵەکەی، چونکە دواجار ئەو وێنانەمان هەمووی لە کەناڵە ڕەسمییەکانەوە بینی و بڵاوبوونەوە بەبێ هیچ پەردەپۆشکردنێك، لەبەرئەوە ناکرێت وێنەیەك بۆ کەناڵێکی دیاریکراو بێت بڵاوبکرێتەوە و بۆ کەناڵێکی تر نەبێت، دواجار ئەمە ئەتککردنی دەستپێشخەری ڕۆژنامەوانییە و بە ئەرکی سەندیکای نازانم "

لەگەڵئەوەشدا مامۆستا هەڤاڵ ئاماژەی بەوە کرد کە لەماوەی ڕابوردوودا سەندیکا هەندێك کاری باشی کردووە و لەمبارەیەشەوە وتی " لە ڕۆژئاوادا سەندیکاکان زۆرن، سەندیکای سەرنووسەران هەیە، سەندیکای نووسەری ڕۆژنامەکان هەیە، سەندیکای دەرهێنەر و نەخشەسازەکان هەیە، بۆیە زۆر ئاساییە چەند سەندیکایەکمان هەبێت، بەڵام ئێمە ئەمڕۆ ئەگەر بتوانین بەهەموو ئەو ڕۆژنامە سەربەخۆ و حزبیانەشەوە بێن ڕۆڵیان لە نێو پانتاییەکانی سەندیکای ڕۆژنامە نووساندا هەبێت. دواجار ئەو فشارەی کە حیزبە دەسەڵاتدارەکان دایانناوە کەم دەبێتەوە، واتە هاتنە ناو ئەم سەندیکایە بەڕای من باشترە و دەتوانرێت دەسەڵاتی ڕۆژنامە حیزبییەکان کەمبکرێتەوە، تا لە دەرەوەی ئەم سەندیکایە سەندیکایەکی تری ئازاد تایبەت بە ڕۆژنامە ئازادەکان دابنرێت، خۆ ئەگەر سەندیکای تریش هەبێت هیچ لە پیشەکە کەمناکاتەوە بە مەرجێك تەنها لەپێناوی دروستکردنی سەندیکا و دامەزراوەیەکی پیشەییدا نەبێت، بایی ئەوەندەی ئەرك و مافەکانی خۆی بزانێت.

دەربارەی ئەگەری دروستکردنی سەندیکایەکی بەدیل لەلایەن ئەو ڕۆژنامەنووسانەی ڕەخنەیان لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان هەیە مامۆستا وت " ئێستا لە کوردستاندا پێویستمان بەوە هەیە کە ڕۆژنامەنووسان لە ناڕۆژنامەنووسەکان جیا بکرێنەوە، چونکە زۆر کەس هەیە هەوێی ڕۆژنامەنووسی لە باخەڵدایە و فەرمانبەرێکی ئاساییە، ئەمە وایکردووە کە دەسەڵاتی سیاسی هیچ بەهایەك بۆ ڕۆژنامەنووسان دانەنێت و سەندیکا بۆی نییە خەڵك بکات بە ڕۆژنامە نووس، چونکە سەندیکا، سەندیکای ئەو ڕۆژنامە نووسانەیە کە خۆیان ڕۆژنامەنووسن و کۆبوونەتەوە و سەندیکایەکیان دروستکردووە بۆئەوەی داکۆکی لە خۆیان بکەن، نەك سەندیکا بۆی هەبێت کە پۆست بدات بەوەی کە دەیەوێت "

سەبارەت بەو گلەیی و گازنادنەی کە ئاراستەی سەندیکا دەکرێت لەو ڕووەوە کە ژمارەیەك کەسی نارۆژنامەنووسی لەخۆی کۆکردۆتەوە مامۆستا هەڤاڵ وتی " پێویستە ڕۆژنامەنووسە ئازادەکان وەك ئەوەی چاودێرن بەسەر خەڵك و دەسەڵاتەوە چاودێریش بن بەسەر سەندیکاوە، چونکە شەرمەزارییە سەندیکا تووشی گەندەڵی ببێت و بە ئارەزووی خۆی پێناسەی پیرۆزی ڕۆژنامەنووس بدات بە هەموو کەسێك "